# شەونم

هۆنراوەی (٨٧)

**زدر درآ و شبستان ما منور کن**

وەرەو بە نووری جەماڵت شەوم مونەووەر کە
بە بۆنی عەتری گوڵت مەجلیسم موعەتتەر کە
ئەمن بە چاو و برۆی ویم سپاردووە دڵ و گیان
سەیاحەتێکە وەرە سەیری تاق و مەنزەر کە
بە دەرکەوانی بەهەشتێ بڵێ لە مەجلیسی مە
لەباتی عوودی بڕێ گڵ بەرە و لە مەجمەر کە
لە تیشکی رووتەوە چاوی دڵم بە تاو ئەنگووت
کەرەم کە خۆر و سەراپەردەکەی مونەووەر کە
ستێرەیی شەوی دووری گەلێ کەمە نووری
بڕۆرە بان لە سەرت رۆشنی قەمەر ئەرکە
گوڵاڵەکانی چەمەن ژێردەسی جوانی تۆن
منەت لەسەر سەمەن و ناز لەسەر سنەوبەر کە
نەفس فزوولە قسان زۆر دەکا بەڵام ساقی
ئەتۆ لەدەس مەدە ئەو کارە مەی لە ساغەر کە
حەدم چیە کە تەماعێ لە قەندی وەسڵت کەم
کەرەم بفەرموو حەواڵەم بە لێوی شەککەر کە
پیاڵە ماچ کە لەپاشان بەڕێی کە بۆ مەستان
دەماغی عەقڵ بە وێ رەسمە پڕ لە عەنبەر کە
ئەگەر فەقێ بەتەما بوو هەڵەت بکا لە ئەوین
پیاڵەیێکی دەیە و پێی بڵێ دەمت تەڕ کە
بەخوڵقی خۆش و جوانت کە شۆقی داوە بەشەم
وەرە و لە بەزمی مەدا چلچرابە شەم دەرکە
لەخەرقە پینەکراوی خوری وەتەنگ هاتووم
بەناز و غەمزەیی سۆفی کوژم قەلەندەر کە
بەمن دەکەی وەرە پاش عەیش و نۆش و دڵداری
کەلامی خواجە لەبەر کە و نەشەم بەدڵ وەرکە

حافزی حەقیقی